# لێدوان: وورده‌كاری ته‌سلیمكردنه‌وه‌ی پاسدارێكی ئێرانی به‌خاچی سووربڵاوده‌كاته‌وه

ئا: دیاری



دوای په‌نجا ڕۆژ له‌ده‌ست به‌سه‌ریدا پارتی ژیانی ئازادی كوردستان (ئه‌كبه‌ر تالیبی) كه‌ پاسدارێكی ئێرانی بوو ته‌سلیمی كۆماری ئیسلامی ئێرانیان كرده‌وه، ئه‌ویش به‌ناوبژیوانی خاچی سووری نێو ده‌وڵه‌تی و هه‌رله‌ڕێگه‌ی ئه‌وانه‌وه پاسداره‌كه‌ گه‌ڕێنرایه‌وه‌ خاكی وڵاته‌كه‌ی. به‌گوێره‌ی ئه‌و زانیاریانه‌ گه‌یشتۆته‌ لێدوان له‌سه‌رتایی مه‌راسیمی ته‌سلیمكردنه‌وه‌دا كه‌له‌ڕۆژی ١١/٦ له‌چیای قه‌ندیل به‌ڕێوه‌چوو ئه‌ندامانی خاچی سووری نێو نه‌ته‌وه‌یی داوای لابردنی وێنه‌ی ئۆجه‌لانیان ده‌كردو له‌به‌رامبه‌ردا سه‌یدا حوسێنی كه‌فه‌رمانده‌یه‌كی سه‌ربازی (PIAK) بوو ئه‌وه‌ی به‌وه‌فده‌كه‌ ڕاگه‌یاند كه‌ئه‌وه‌ ڕه‌سمیه‌تی ئێمه‌یه‌ ئه‌گه‌ر قبوڵتان نییه‌ بڕۆنه‌وه، دواتر وه‌فده‌كه‌ ڕازی بوون به‌وه‌ی له‌ژێر وێنه‌ی (عه‌بدوڵلا ئۆجه‌لان) ڕێبه‌ری زیندانیكراوی (PKK) پاسداره‌ ئێرانیه‌كه‌ وه‌ربگرنه‌وه، ده‌ستپێكی مه‌راسیمه‌كه‌ش به‌وته‌ی فه‌رمانده‌ سه‌ربازیه‌كه‌ پژاك ده‌ستی پێكردن كه‌تێیدا ووتی: ئه‌وان ڕێكخراوێكی ئاشتیخوازن وداكۆكی له‌ مافی گه‌لی كورد ده‌كه‌ن له‌ كوردستانی ڕۆژهه‌ڵات دواتریش سه‌باره‌ت به‌ جۆری مامه‌ڵه‌یان له‌گه‌ڵ دیله‌كه‌ ئاماژه‌ی به‌وه‌ دا كه‌ ئه‌وان به‌شێوازێكی یاسایی مامه‌ڵه‌یان له‌گه‌ڵ ئه‌م دیله‌دا كردووه‌ له‌ به‌رامبه‌ردا ڕه‌خنه‌ی له‌كۆماری ئیسلامی ئێران گرت كه‌مامه‌ڵه‌یه‌كی خراپ له‌گه‌ڵ خه‌ڵكی كورد و لایه‌نگرانی پارته‌كه‌یاندا ده‌كات و به‌پاساوی لایه‌نگری پژاك ئازار ده‌درێن. دواتر ئه‌ندامێكی خاچی سووری نێوده‌وڵه‌تی وێڕای سوپاسی ئه‌م هه‌ڵوێسته‌ی پژاك ئاماژه‌ی به‌خۆشحاڵی خۆیان كردو ووتی: ئه‌م هه‌ڵوێسته‌تان ده‌یسه‌لمێنێ كه‌ئاشتیخوازن،( ئه‌كبه‌ری تالیبی) ووته‌كانی سه‌یدا حسێنی پشت ڕاستكرده‌وه‌و ڕایگه‌یاند كه‌له‌ماوه‌ی ئه‌و (٥٠) ڕۆژه‌دا مامه‌ڵه‌یان زۆرباش بووه‌ له‌گه‌ڵیدا و ووتیشی كه‌ واز له‌ كاری سه‌ربازی دێنێت .



## خالید قادر



له‌ پێناو یه‌كبوندا

# بزاوتێك بۆ پێكه‌وه‌ گرێدانی تواناكان

یه‌كبوون له‌ ساده‌ترین ده‌ربریندا، ده‌لاله‌تێكه‌ بۆ یه‌كبوون و پێكه‌وه‌ گرێدان و ئاوێته‌ بوونی چه‌ند شتێك بۆ خواست و مه‌به‌ستێكی دیاریكراو، كاركردنه‌ له‌سه‌ر كۆكردنه‌وه‌ی ڕا جیاوازه‌كان له‌ ناو ئاراسته‌یه‌كی هاوبه‌شدا، هه‌وڵێكه‌ بۆ دۆزینه‌وه‌ی خاڵه‌ چون یه‌كه‌كان و به‌ سیسته‌م كردنی جیاوازیه‌كان به‌و ئاقاره‌ی كه‌ ئێمه‌ تا چه‌ند له‌ یه‌ك دوور بین و خاڵی جیاوازمان هه‌بێت هێشتا ده‌شێت و ده‌كرێت له‌سه‌ر بنه‌ما هاوبه‌شه‌كان، خاڵی یه‌كبوون و كۆك بوون بدۆزرینه‌وه‌ و كار له‌سه‌ر گه‌شه‌پێدانی بكه‌ین .

ئێمه‌ كاتێك له‌ نیشتیمانێك، شارێك، گوندێك، یاخود له‌ پارت و دامه‌زراوه‌یه‌ك، پێكه‌وه‌ ده‌ژین، پێویستمان به‌ ڕوئیایه‌كی هاوبه‌ش هه‌یه‌، كه‌ كار له‌سه‌ر یه‌كبوونی تواناكانمان بكات بۆ ئه‌وه‌ی هه‌موومان پێكه‌وه‌ هێڵه‌ ئاسۆیی و ستونیه‌كانی ئاینده‌مان بكێشین و كار له‌ مێژووی خۆماندا بكه‌ین، چونكه‌ وه‌ك (مولیر) ده‌ڵێت : ئێمه‌ ته‌نها به‌رپرسیارنین له‌و كارانه‌ی كه‌ ده‌كه‌ین به‌ڵكو به‌رپرسیاریشن له‌و كارانه‌ی كه‌ نایكه‌ین. به‌رپرسیاریه‌تی ئێمه‌ چه‌نده‌ په‌یوندی به‌ بڕیار و تێفكرین و كارو كرده‌وه‌ی ڕۆژانه‌مانه‌وه‌ هه‌یه‌ له‌ چوارچێوه‌ی خودی خۆمانه‌وه‌، هێنده‌ش په‌یوه‌ندی به‌ مێژوومانه‌وه‌ هه‌یه‌ ، كه‌ ئێمه‌ تاچه‌ند ده‌توانین ببینه‌ هه‌وێنێك بۆ گۆڕان و بزاوتێكی نوێ به‌به‌ر جه‌سته‌ و ڕوحی كۆمه‌ڵگادا بكه‌ین. ئێمه‌ به‌رپرسین به‌رامبه‌ر به‌ ئاینده‌ی خۆمان و هه‌موو ئه‌و هه‌وڵ و كارانه‌ش كه‌ كار له‌ ڕوحی كۆمه‌ڵگا ده‌كه‌ن و ئاراسته‌یه‌كی پێده‌به‌خشن ، چونكه‌ ڕاسته‌وخۆ یان ناڕاسته‌وخۆ به‌ چاره‌نوسمانه‌وه‌ گرێده‌درێت و په‌یوه‌ندیان به‌ بوونی ئێمه‌وه‌ هه‌یه‌ كه‌ تا چه‌ند ده‌توانین مانایه‌ك بده‌ین به‌ خۆمان و وه‌ك كاره‌كته‌رێكی زیندوو ڕۆڵ بگێڕین و ده‌ربكه‌وین .

كاتێك یه‌كبوون له‌سه‌ر بنه‌مایه‌كی ته‌ندروست بێت و مه‌به‌ست لێی به‌ره‌یه‌ك بێت كه‌ بتوانێت به‌ها ئه‌خلاقیه‌ ئابووری و سیاسی و كۆمه‌ڵایه‌تی و فه‌رهه‌نگیه‌كان موتوربه‌ی سه‌رده‌م بكات و گیانێكی نوێ به‌ ڕه‌وتی گه‌شه‌كردن و باش بوون و یه‌كبوونه‌ تواناكانی بدات ئه‌وا بێشك ئه‌م به‌ره‌یه‌ ده‌توانێت بزوتنه‌وه‌یه‌كی نوێ ڕێبه‌رایه‌تی بكات ، لانی كه‌م وڵامێك بێت بۆ ئه‌و سه‌رده‌مه‌ی كه‌ تێیدایه‌تی .

كۆمه‌ڵگای كوردی كه‌ گیرۆده‌ی كۆمه‌ڵێك گرفتی كه‌لتوری و سیاسی و ئابوری و مه‌عریفیه‌ پێویستی به‌ شورشێكی فه‌رهه‌نگی و ڕوئیایه‌كی تازه‌ هه‌یه‌ كه‌ كار له‌سه‌ر تاكه‌كانی ئه‌و كۆمه‌ڵگایه‌بكات كه‌ چۆن ده‌توانرێت تاكێكی ته‌ندروست بێت و خاوه‌نی بڕیار و ئه‌رك و مافه‌كانی خۆی بێت، له‌ لایه‌كی تریش پێویسته‌ له‌سه‌ر كۆی به‌ها ئه‌خلاقیه‌كانی كۆمه‌ڵگا كار بكردرێت چونكه‌ ئه‌خلاقیه‌تی ئێمه‌ به‌ شێوه‌یه‌ك له‌ شێوه‌كان به‌یه‌كداچووی ئه‌خلاقێكی گشتی تری كۆمه‌ڵگایه‌ ، كه‌ به‌داخه‌وه‌ ئه‌م ئه‌خلاقه‌ش هێنده‌ی وێنای كه‌لتورێكی داخراو و مێژوویه‌كی بێده‌نگ و خه‌ڵكێكی توندوتیژ و بێباك ده‌كات كه‌ له‌ لاوازیه‌وه‌ ده‌ڕوانێت و فكر نه‌بۆته‌ پرۆژه‌یه‌ك بۆ عه‌قلانیه‌ت و ڕه‌خنه‌ تێیدا له‌ قاڵب دراوه‌، هێنده‌ وێنای فه‌رهه‌نگێك ناكا بۆ تێگه‌یشتن و پێگه‌یشتن و گه‌شه‌كردن . به‌تایبه‌تیش له‌ كۆی سیاسه‌تی ئه‌و كۆمه‌ڵگایه‌دا چ وه‌ك ده‌سه‌ڵاتی سیاسی و یان وه‌ك ده‌سه‌ڵاته‌ كه‌لتووری و فه‌رهه‌نگی و .. هتد . لێره‌وه‌ كاركردن و یه‌كبوونی ئه‌و توانایانه‌ی كه‌ مه‌به‌ستیانه‌ ڕوحێكی نوێ وه‌به‌ر جه‌سته‌ی كۆمه‌ڵگادا بكه‌ن پێویستیه‌كی مێژوویه‌ و ده‌بێت ئه‌م ڕایه‌ڵانه‌ پێكه‌وه‌ گرێ بدرێن ، چونكه‌ دواجار كاركردن له‌ مێژوودا ، كاركردنه‌ له‌ داهێنان و بزاوت و وه‌رچه‌رخانێكی نوێ ، نه‌ك سورانه‌وه‌ له‌ ناو بازنه‌یه‌كی بۆشدا. بۆ ئه‌مه‌ش نوسه‌ر و ڕۆشنبیران و گه‌نجان سه‌ره‌كیترین ئه‌ركیان ده‌كه‌وێته‌ سه‌ر شان به‌و پێیه‌ی كه‌ نوسه‌ر و ڕۆشنبیران ده‌توانن په‌ی به‌ بندێره‌كانی ژیانی كۆمه‌ڵایه‌تی و سیاسی و ئابوریانه‌ی خه‌ڵك به‌رن، گه‌نجانیش وه‌ك توێژێكی چالاك وێنای سه‌رده‌م و نه‌وه‌یه‌كی نوێ ده‌كێشن كه‌ پێویسته‌ له‌بزوتنه‌وه‌یه‌كی كۆمه‌ڵایه‌تی و گوتارێكی نوێی كۆمه‌ڵگا ڕه‌نگ بداته‌وه‌ كه‌ كار له‌سه‌ر گۆڕان و كرانه‌وه‌ی زیاتر كۆمه‌ڵ بكات .

# گه‌نجان هه‌ڵمه‌تێكی ئیمزا كۆكردنه‌وه‌ ئه‌نجام ده‌ده‌ن

ئا :لێدوان

به‌مه‌به‌ستی ناره‌زایی ده‌ربرین دژی هه‌ره‌شه‌كانی توركیا بۆ له‌شكركێشی كردنه‌ سه‌ر هه‌رێمی كوردستان گروپێك گه‌نج به‌ ناوی ( گه‌نجانی پاراستنی سه‌روه‌ری كوردستان ) هه‌ڵمه‌تێكی ئیمزا كۆكردنه‌وه‌ ئه‌نجام ده‌ده‌ن .

ڕۆژی شه‌ممه‌ ڕێكه‌وتی ١٠/١١/ ٢٠٠٧ له‌ ناو باخچه‌ی گشتی ڕانیه‌ گروپی ( گه‌نجانی پاراستنی سه‌روه‌ری كوردستان ) له‌ژێر خێوه‌تێك و به‌ ووتن و نمایشی چه‌ند هوتاف و سرودی نه‌ته‌وه‌یی هه‌ڵمه‌تێكی ئیمزا كۆكردنه‌وه‌یان به‌ڕێوه‌ برد له‌و باره‌یه‌وه‌ ( زانا حسن) ئه‌ندامی كه‌مپینی پاراستنی سه‌روه‌ری كوردستان له‌ لیدوانێكدا بۆ ڕۆژنامه‌كه‌مان ووتی: ئێمه‌ وه‌ك كۆمه‌ڵه‌ گه‌نجێك ده‌مانه‌وێت هه‌ڵوێست وه‌رگرین، له‌ به‌رامبه‌ر هه‌ڕه‌شه‌كانی ده‌وڵه‌تی تورك، كه‌ به‌ بیانوی بونی چه‌كدارانی په‌كه‌كه‌، ده‌یه‌وێ هێرش بكاته‌ سه‌ر هه‌رێمه‌كه‌مان و مه‌ترسی له‌سه‌ر حكومه‌ته‌كه‌مان دروست بكات، هه‌روه‌ها ئه‌وه‌ی ڕوونكرده‌وه‌ كه‌ ئه‌و كۆمه‌ڵه‌ گه‌نجه‌ سه‌ر به‌هیچ لایه‌نێك نین و له‌سه‌ر ئه‌ركی خۆیان به‌و چالاكیه‌ هه‌ڵساون، هه‌روه‌ها ڕایگه‌یاند كه‌ ده‌یانه‌وێت ده‌نگی خۆیان بگه‌یه‌ننه‌ ئه‌نجومه‌نی ئاسایشی نێو ده‌وڵه‌تی ڕێكخراوی نه‌ته‌وه‌ یه‌كگرتوه‌كان و كۆمكاری عه‌ره‌بی، تا ئه‌و ڕاستیه‌ بزانرێ، كه‌ له‌ كوردستاندا جگه‌ له‌ ده‌سه‌ڵات،گه‌نجان و خه‌ڵكی سه‌ربه‌خۆ هه‌ڵوێستیان هه‌یه‌و خه‌می نیشتمان و نه‌ته‌وه‌و خوێنی شه‌هیدانیانه‌، باسی له‌وه‌ش كرد كه‌ ئه‌و كه‌مپینه‌ پێشتر له‌ شاری سلێمانی بووه‌و ئێستا له‌ ڕانیه‌یه‌و به‌نیازن بچنه‌ قه‌ڵادزێ و چه‌ند شوێنێكی تر، هه‌روه‌ها وتی: تا ئێستا زیاتر له‌ بیست هه‌زار ئیمزا كۆكراوه‌ته‌وه‌و تا ئه‌و كاته‌ی ده‌وڵه‌تی تورك چاوێك به‌و بڕیاره‌دا نه‌خشێنێته‌وه‌، ئێمه‌ له‌سه‌ر چالاكی خۆمان به‌رده‌وام ده‌بین.



# دوای دوو ساڵ له‌ فه‌رمانی كردنه‌وه‌ی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی ڕۆشنبیریی ڕانیه‌

## سه‌ركه‌وت بورهان : ئێستا بنكه‌یه‌كیشمان پێ ڕه‌وانابینن به‌ بیانووی ئه‌وه‌ی كه‌ ناتوانن له‌ ڕووی دارایی و كارگێڕییه‌وه‌ ئیداره‌ی ئه‌و بنكه‌یه‌ بده‌ن

ئا : ڕێناس

بۆ زانینی ورده‌كاری ئه‌و هه‌وڵ و كارانه‌ی كه‌ بۆ كردنه‌وه‌ی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی ڕۆشنبیری له‌ شاری ڕانیه‌دا دراون و ده‌رخستنی گرفت و ئاسته‌نگه‌كانی و هۆكاری دواخستن و نه‌كردنه‌وه‌ی ئه‌م به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیه‌ له‌ ڕانیه‌ م ( سه‌ركه‌وت بورهان) كه‌ له‌ سه‌ره‌تای بیرۆكه‌كه‌وه‌ هه‌وڵی زۆری بۆ كردنه‌وه‌ی ئه‌و به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیه‌ دراوه‌ و ئاگاداری هه‌وڵ و بڕیاره‌كانیه‌تی له‌ لێدوانێكدا بۆ ڕۆژنامه‌كه‌مان پێی ڕاگه‌یاندین: سه‌ره‌تای بیرۆكه‌كه‌ له‌ لای خۆمه‌وه‌ گه‌ڵاڵه‌ بوو دواتر هونه‌رمه‌ندانی ناوچه‌كه‌ش پشتگیریان كردم و له‌ ئاماده‌كردنی پرۆژه‌كه‌ به‌شداریان كردم، هه‌روه‌ها یه‌كێتی هونه‌رمه‌ندانی كوردستان هاوكاریان كردین له‌ گه‌یاندنی پرۆژه‌كه‌ بۆ وه‌زاره‌تی ڕۆشنبیری، دوای چه‌ند دانیشتن و گفتوگۆو هه‌وڵێكی زۆر و چوونی چه‌ند جارێكی وه‌فدی هونه‌رمه‌ندانی ناوچه‌كه‌ بۆ وه‌زاره‌ت و پشتیوانی دامه‌زراوه‌ حكومی و حزبیه‌كانی ناوچه‌كه‌ له‌ ٢٥/١٠/٢٠٠٥ و لایه‌ن وه‌زیری ئه‌وسای ڕۆشنبیریه‌وه‌ ( فتاح زاخۆیی ) فه‌رمانی وه‌زاری بۆ ده‌رچوو بۆ كردنه‌وه‌ی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیه‌كه‌، بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌ش به‌ڕێوه‌به‌راتیه‌ گشتیه‌كان ئاگادار كرانه‌وه‌ بۆ كردنه‌وه‌ی ئه‌و به‌ڕێوه‌به‌راتیه‌ له‌ ڕانیه‌، ئه‌وه‌ بوو له‌ ٢٨/ ١٠/ ٢٠٠٥ فه‌رمانی كارگێڕی بۆ ده‌رچوو بۆ جێ به‌جێ كردنی، به‌ڵام به‌داخه‌وه‌ دوای لاچوونی وه‌زیری ناوبراو له‌ پۆسته‌كه‌ی گرفتی هاته‌ پێش و تا ئێستا ئه‌و پرۆژه‌یه‌ جێ به‌جی نه‌كراوه‌. له‌ دوای یه‌كگرتنه‌وه‌ی حكومه‌تیش هه‌وڵێكی زۆرترمان داوه‌ بۆ ئه‌كتیڤ كردنی داواكه‌مان، بۆیه‌ له‌ ١٧/ ٢/ ٢٠٠٧ دوای ئه‌وه‌ی وه‌زیری ڕۆشنبری ( فه‌له‌كه‌دین كاكه‌یی )مان بینی سه‌باره‌ت به‌ كردنه‌وه‌ی ئه‌و به‌ڕێوه‌به‌راتیه‌ ئیتر ئه‌ویش پشتگیری كردین و نوسراوێكی بۆ ڕاوێژكاری وه‌زاره‌ت كرد كه‌ كردنه‌وه‌ی ئه‌و به‌ڕێوه‌به‌راتیه‌ چالاك بكرێت، ئێمه‌ش له‌ دوای ئه‌و نوسراوه‌وه‌ به‌رده‌وام سه‌ردانمان كردون و به‌ دوای كاره‌ ئیداریه‌كاندا چووین هه‌روه‌ها ئاگادارمان كردونه‌وه‌ له‌ پێویست بوونی كردنه‌وه‌ی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیه‌كه‌ له‌ ڕانیه‌ ،چونكه‌ به‌ پێی ئه‌و یاسایه‌ی وه‌زاره‌تی ڕۆشنبیری كه‌ له‌ په‌رله‌مان ده‌نگی له‌سه‌ر دراوه‌ ڕێگه‌ دراوه‌ به‌وه‌ی كه‌ له‌ قه‌زاكاندا به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی ڕۆشنبیری هه‌بێت وه‌كو ئه‌وه‌ی كه‌ له‌ زۆربه‌ی قه‌زاكان هه‌یه‌، شاری ڕانیه‌ش له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی كه‌ قه‌زایه‌كی گه‌لێك فراوانه‌ و ڕێژه‌یه‌كی زۆری خه‌ڵكی تێدا نیشته‌جێیه‌و بزاوتێكی هونه‌ری فراوانی تێدایه‌ هه‌روه‌ها چه‌ندین شارۆچكه‌و گوندی له‌سه‌ره‌ و مه‌ركه‌زی ڕانیه‌ش بۆته‌ ناوه‌ندی هه‌ر سێ قه‌زای ( ڕانیه‌ و قه‌ڵادزێ و دوكان) سه‌رباری ئه‌وه‌ش ته‌نها یه‌ك به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی ڕۆشنبیری و ته‌نانه‌ت ده‌زگایه‌كی ئه‌و بواره‌ی لێ نیه‌ كه‌ بتوانێت كاره‌ هونه‌ریه‌كانی ناوچه‌كه‌ ڕایی بكات. به‌ڵام به‌داخه‌وه‌ تا ئێستاش ئه‌و داواكاریه‌مان نه‌هاتۆته‌ بواری جێ به‌جێ كردن به‌ پێچه‌وانه‌وه‌ گرفتی زۆرمان بۆ هاتۆته‌ پێش، به‌ بیانووی ئه‌وه‌ی كه‌ گوایا ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران بڕیارێكی ده‌ركردوه‌ كه‌ هیچ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیه‌كی تازه‌ نه‌كرێته‌، دوا به‌ دوای ئه‌وه‌ش هه‌وڵ دراوه‌ بازنه‌ی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیه‌كه‌مان بچوك بكه‌نه‌وه‌ بۆ بنكه‌یه‌ك هه‌ر بۆیه‌ وه‌زاره‌ت فه‌رمانێكی بۆ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گشتی سلێمانی ده‌ركردوه‌ كه‌ ئه‌وان ڕازی نین به‌ كردنه‌وه‌ی ئه‌و به‌ڕێوبه‌رایه‌تیه‌ و له‌ بری ئه‌و بنكه‌یه‌ك بكرێته‌وه‌، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ئێستا به‌رپرسانی ئه‌و بواره‌ له‌ سلێمانی كردنه‌وه‌ی ئه‌و بنكه‌یه‌شمان لێ قبول ناكه‌ن به‌ بیانووی ئه‌وه‌ی كه‌ ناتوانن له‌ ڕووی دارایی و كارگێڕیه‌وه‌ ئیداره‌ی ئه‌و بنكه‌یه‌ بكه‌ن

ئێمه‌ش له‌ هه‌وڵی خۆمان به‌رده‌وامین به‌ تایبه‌ت بۆ كردنه‌وه‌ی به‌ڕێوبه‌رایه‌تیه‌كه‌ ، ڕاسته‌ گرفت و ئاسته‌نگمان زۆر له‌ پێشه‌ به‌ڵام بنكه‌ و فه‌رمانگه‌ی ئه‌و بواره‌، ناتوانن ئه‌و فه‌راغه‌ گه‌وره‌ پڕ بكه‌نه‌وه‌ كه‌ له‌ ناوچه‌كه‌ هه‌یه‌ بۆیه‌ پێویسته‌ هه‌موو هه‌وڵه‌كان بۆ كردنه‌وه‌ی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیه‌ك بن له‌ ڕانیه‌ چونكه‌ هۆكارێكی گرنگه‌ بۆ گه‌شه‌پێدانی بواری هونه‌ری له‌ ناوچه‌كه‌ و ڕێكخستنی كاره‌ هونه‌ریه‌كان .



# ڕۆژنامه‌ی لێدوان دوو هه‌واڵی گۆڤاری هه‌رێمی كوردستان له‌سه‌ر ڕانیه‌ ڕاست ده‌كاته‌وه‌

تایبه‌ت: به‌ لێدوان

گۆڤاری هه‌رێمی كوردستان له‌ ژماره‌ ٤٣٧ ی ١٣ی تیشرینی دووه‌می ساڵی ٢٠٠٧ هه‌واڵێكی بڵاو كردۆته‌وه‌ له‌ لاپه‌ره‌ ٤٤ به‌ ناوی ( له‌ ڕانیه‌ باندێكی ڕفاندنی منداڵان ده‌ستگیر كران ) كه‌ له‌ ناوه‌ڕۆكه‌كه‌یدا هاتوه‌ سه‌رچاوه‌یه‌ك له‌ ئاسایشی ڕانیه‌ ئاشكرای كردوه‌ كه‌ باندێكی ڕفاندنی منداڵان كه‌ له‌ سێ كه‌س پێكهاتبوون له‌ شاره‌كه‌ ده‌ستگیر كراون له‌ لێكۆڵینه‌وه‌ی تاواندا دانیان به‌ تاوانه‌كه‌ی خۆیاندا ناوه‌ و چه‌ند تاوانێكی ڕفاندنی تریشیان ئه‌نجام داوه‌ له‌ نێو ئه‌و تاوانانه‌ش ڕفاندنی ئه‌و منداڵه‌ بوو كه‌ له‌ گوندی قروجه‌ی سه‌ر به‌ ڕانیه‌ دوای سێ ڕۆژ له‌ ڕفاندنی به‌ مردووی دۆزرایه‌وه‌ بۆ ڕونكردنه‌وه‌ی ئه‌و هه‌واڵه‌و به‌دواداچوونی وه‌رده‌كاریه‌كانی به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی ئاسایشی ڕانیه‌ له‌ په‌یوه‌ندیه‌كی ته‌له‌فۆنیدا ئه‌و هه‌واڵه‌ی به‌ ناڕاست باس كرد و ڕایگه‌یاند كه‌ هیچ باندێك نه‌بوه‌ و به‌و ناوه‌ ده‌ستگیر نه‌كراون جگه‌ له‌ ڕووداوێك نه‌بێت سه‌باره‌ت به‌ ڕفاندنی منداڵێك كه‌ په‌یوه‌ندی به‌ كێشه‌یه‌كی خێزانی هه‌بوه‌ و له‌ ڕانیه‌ تاوانباریش ده‌ستگیر كراوه‌ و دراوه‌ته‌ ده‌ست لێكۆڵینه‌وه‌ . جێی ئاماژه‌یه‌ گۆڤاری ناوبراو له‌ هه‌واڵێكی تری هه‌مان لاپه‌ره‌ ده‌ستنیشانی ئه‌و هه‌واڵه‌شی كردوه‌ به‌ڵام له‌ گێڕانه‌وه‌ی ئه‌و هه‌واڵه‌ش كه‌وتۆته‌ هه‌ڵه‌وه‌ چونكه‌ له‌ ناوه‌ڕۆكی هه‌واڵه‌كه‌یاندا هاتوه‌ كه‌ منداڵێكی سێ ساڵه‌ له‌ لایه‌ن دایك و باوك و زاوایه‌كه‌یه‌وه‌ هه‌وڵی كوشتنی ده‌درێت به‌ڵام له‌ ڕاستی ڕووداوه‌كه‌ منداڵه‌كه‌ ٣ ساڵ نیه‌ و ٤ ساڵه‌ هه‌روه‌ها له‌ لایه‌ن دایك و باوكیه‌وه‌ هه‌وڵی كوشتنی نه‌دراوه‌ به‌ڵكو ئه‌وه‌ی تا ئێستا زانراوه‌ په‌یوه‌ندی به‌ زاواكه‌یانه‌وه‌ هه‌یه‌ و كێشه‌كه‌ش تا ئێستا له‌ لكۆڵینه‌وه‌یه‌.

# ئه‌گه‌رچی خاوه‌نی شه‌ش پۆل و شه‌ش مامۆستا و چل و پێنج قوتابییه‌

## قوتابخانه‌ی دۆڵه‌بی تا ئێستا كارگوزار و ئاوی نیه‌

له‌ سابیر ئه‌شكه‌نه‌یه‌وه‌

مامۆستا مه‌حمود به‌ڕێوه‌به‌ری قوتابخانه‌ی دۆڵه‌بی به‌ لێدوانی ڕاگه‌یاند: كه‌ له‌ ساڵی ١٩٩٤ وه‌ گونده‌كه‌یان قوتابخانه‌ی لێكراوه‌ته‌وه‌، به‌مه‌به‌ستی دابین كردنی كارگوزار چه‌ندین جار داوامان له‌ په‌روه‌رده‌ كردوه‌ به‌ڵام تا ئێستا وڵامیان نه‌داوینه‌وه‌ ئه‌و قوتابخانه‌یه‌ شه‌ش پۆلی تێدایه‌ و سه‌رجه‌می قوتابیه‌كانی چل و پێنج قوتابیه‌، كه‌ شه‌ش مامۆستای میلاكی خۆی هه‌یه‌ به‌ڵام به‌ده‌ست بێكارگوزاری و بێ ئاوییه‌وه‌ ده‌ناڵێنێت .